# رووفاتی ئەنفالکراوەکان زیندانی مەکەن!

**کاوە ئەمین**

حکوومەتی "هەرێمی" کوردستان بە شێوەیەک ڕووبەرووی گەندەڵی دارایی بووەتەوە، کە هەناوی هەموو داودەستگاکانی داوەشاندووە و خۆشیان ناتوانن چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، ئەوەتا ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ گەندەڵی ئەخلاقی و سکانداڵی گەورەیش پەردەیان لەسەر هەڵدەماڵدرێت. حکوومەتێک بە چل و دوو وەزیرەو پەرلەمانێکی ئیفلیجەوە نەتوانێت گرفتەکانی هاووڵاتیان دابین بکات، ناتوانێت ڕێز لە کەسووکاری ئەنفالکراوەکان بگرێت، جا چ بگاتە سەر شەهیدەکانی ئەنفال. ئیسرایلییەکان چونکە ناشیونن(نەتەوەن) بەمانای وشە نەتەوەن، چەندین جار ئامادەبوون لە پێناو وەرگرتنەوەی تەرمی سەربازێکیاندا چەندین دیلی فەلەستینی و لوبنانی ئازاد بکەن. ئێمە وەکو تالیبانەکانیشمان پێناکرێت، کاتێک کە ئامادەبوون لە پێناو وەرگتنەوەی تەرمی بەرپرسێکیاندا چوار لەو کەسانەی کە وەکو بارمتە گرتبوونیان، ئازاد بکەن. ئەمریکیەکان کە سەربازێکیان لە ئێراق یان هەر شوێنێکی تر بکوژرێت بەو پەڕی ڕیزەوە تەرمەکنیان دەبەنەوە بۆ وڵاتەکەیان و بە مەراسمی شکۆدار و ئاڵای ئەمریکاوە، بەخاکیان دەسپێرن. ئێران و ئێراق سەدان لەو تەرمانەیان گۆڕیەوە کە لە شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا کوژران. دەکرێت ئەم لیستەیە زۆر درێژ بکرێتەوە.

ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەنووس، نەبەز گۆران، پەردەی لەسەر لادا، کە ٣٠٠ جەنازەی ئەنفالکراو، لە فرۆکەخانەی هەولێر بە شێوەیەکی ناشایستە هێلراونەتەوە و کەس خۆیان ناکات بە خاوەنیان، ئەوە گرنگ نییە خەڵکی کام ناوچەو هەرێمن لە کوردستان، ئاخر کاک عەبدوڵلا پەشێو لە شیعری سەربازی وندا جوانی وتووە کە هەر بستێکی ئەو وڵاتە سەربازێکی ونی لە باوەش گرتووە. بۆ پاساوی ئەو تاوانە هەندێک لایەن بۆ چەواشەکاری دەڵێن گوایە لە هەولێر مۆنۆمێنتێکیان بۆ دروست دەکەن بۆیە هێشتونیانەتەوە، باشە بۆ لە هەولێر؟ بۆ لە هەردەڤەرەو شوێنێکی شایستە بۆ قوربانییەکانی ئەنفالی هەر ناوچەیەک دروست ناکەن؟ پارەتان نییە؟ یان مۆراڵی سیاسی، ئەوانەی کە ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبەن، مرداربۆتەوە؟ کاتێک تەرمی شەهیدە ئەنفالکراوەکانی سەربەرزی بارزانیان هێنایەوە، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی (میدیا) دا بڵاومکردەوە دەستخۆشیم لە د. ئیحسان کرد و دیسانیش دەڵێم دەستان خۆش بێت، بەڵام ئیمرۆ بە شاردنەوەی ئەو تەرمانە و ڕێز لێنەگرتنیان وەکو ئەوانەی بارزان خەڵک دەڵێن لە شەهیدەکانیشدا جیاوازی دەکرێت، دەبوو سەرۆکی هەرێم هەروەک چۆن فرمێسکی بۆ ئەنفالکراوەکانی دەڤەری بارزان هەڵڕشت و خۆی چووبووە ژێر دارتەرمی شەهیدێکەوە ئاواش بچوایەتە ژێر دارتەرمی ئەو ئەنفالکراوانەی کە ئێستا لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە سووکایەتیان پێ دەکرێت، تەنانەت وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئامادە نییە ڕوونکردەوەشیان لەسەر بدات.

مێژوو ئەم ناهەقییە قبوڵ ناکات و دەستەڵات و پارە وماڵی دنیاش بۆ کەس نەماوە تا بۆ وەزیر و گزیرەکانی کورد بمێنێت، ئەم سکانداڵەش دەبێتە خاڵێکی ڕەشی ترو لە لاپەرەکانی مێژوودا دەنووسرێتەوە، بەڵام ئەنفالکراوەکان و ئەوانەی خۆیان بەخت کرد بۆ ئەم نیشتیمانە، هەر بە سەربەرزی دەمێننەوە لە مێژوودا، جا مۆنۆمێنتیان بۆ بکەن یانیش هێسک و پروسکیان لە عەلاگەدا هەڵبگرن. سەدان هێسک و پروسکی منداڵی ئەنفال کراو فڕێدرایە بەردەم سەگە ڕەشەکەی نوگرە سەلمان و بستە خاکێکی ئەم دنیا پان و بەرینەیان بەنسیب نەبوو، بەڵام ئەوان هەر گەورەترن لە هەمووومان و مێژووش شانازیان پێوە دەکات.